# چارەسەری پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان

# قەزای مەخموور وەک نموونە

# (٢٠٠٤ – ٢٠٢٠)

دیار خضر علی[1]    پ.ی.د. آزاد عثمان صالح[2]

[2-1] بەشی زانستە سیاسییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کوردستان، عیراق

**پوختە:**

گرفتی ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان، کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس دروستکرا، لە عیراقی نویٚ دا واتە لە دوای روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ بە پرسی "ناوچە کێشە لەسەرەکان" ناسێنرا، و چارەسەریەکی یاسایی و ماوەیەکی دیاریکراویش بۆ جێبەجێکردنی چارەسەریی پرسەکە لە دەستووری هەمیشەیی عیراق چەسپێندرا. بەڵام تا ئێستا (ئۆکتۆبەری٢٠٢١) چارەسەرییە دەستوورییەکە بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە؛

قەزای مەخموور، هەرچەندە بەکردەیی لە ساڵی ١٩٩١ لە "پەناگەی ئارام"، کە پێشینەی هەرێمی کوردستان بوو جیاکرایەوە، بەڵام بە فەرمیی لە ساڵی ١٩٩٦ لە لایەن رژێمی بەعس لە پارێزگای هەولێر دابڕێندرا و بە پارێزگای نەینەوا لکێندرا. دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ گرفتی قەزای مەخمور بووەتە بەشێک لە پرسی "ناوچە کێشەلەسەرەکان" و چارەنووسی قەزاکە بەستراوەتەوە بە چارەسەریی گشتیی پرسەکە.

لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی بابەتیانە لە هۆکار و فاکتەر و پاڵنەرەکانی گرفتی دابڕاندنی ناوچەکان بەگشتی و قەزای مەخموور بەتایبەتی دەکۆڵرێتەوە، و قۆناخەکان و پەرەسەندنەکان و دەرهاوێشتەکان بە ووردی روون و شی دەکرێنەوە. تایبەتمەندییەکانی گرفتی قەزای مەخموور، وەک بەشێک لە پرسی "ناوچە کێشە لەسەرەکان"، کە بە گشتی پرسێکی گرنگ و چارەنووسسازە لە بەشی سێیەم دا لێیان دەکۆڵرێتەوە و شی دەکرێنەوە، هەروەها کات و شێوازی دابڕاندنی جیاوازیی دەڤەرەکە لە دەڤەرەکانی دیکەی هاوشێوەی روون دەکرێنەوە، و شێوازێکی تایبەتی چارەسەریی گرفتی قەزای مەخموریش، وەک سەرەتا بۆ دەستپێکردنەوە بە تەواوکردنی چارەسەریی پرسی "ناوچە کێشەلەسەرەکان" بە پێی دەستوور و بە گشتی لەم بەشەدا پێشنیارکراوە. و لە کۆتایی توێژینەوەکەش دا دەرەنجام و ڕاسپاردەکان دەخرێنە ڕوو.

کلیلی ووشەکان: ناوچە کێشە لەسەرەکان، مەخموور، دەستوور، ماددەی 140، چارەسەری.

## 1. پێشەکی

پرسی ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس دروستکرا، لە عیراقی نویٚ دا واتە لە دوای روخانی رژێمی بەعس (٢٠٠٣) بە پرسی "ناوچە کێشە لەسەرەکان" ناسێنرا، و چارەسەرێکی یاسایشی بۆ لە دەستووری عیراق چەسپێندرا، بەڵام تا ئێستا چارەسەرییە دەستوورییەکە جێبەجێ نەکراوە! بۆیە ئێستاکە پرسەکە یەکێکە لە گرفتە سەرەکی و گرنگەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادیی عیراق بەشێوەیەکی گشتی، و بۆ ئاشتی و سەقامگیری و پێکەوەژیانی هەموو دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە بەتایبەتی. هەروەها ئایندەی پەیوەندی نێوان هەردوو حکومەت بە شێوەیەکی سەرەکیی بەندە بە چارەسەریی ئەم پرسە. ڕیشەی مێژوویی ئەم پرسە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراق بە گشتیی و سەردەمی ڕژێمی بەعس بەتایبەتی.

بەڵام – هەروەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە - لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ وە، واتە لە دەوڵەتی عیراقی نویٚ دا قۆناخێکی نوێی ئەم گرفتە دەستی پێکردووە. پرسەکە لە ساڵی ٢٠٠٨ وە بووەتە یەکێک لە گرفتە سەرەکییە گرنگ و مەترسیدارەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی ئیتیحادی عیراق، چونکە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ وە تا ئێستا(٢٠٢١)پرسەکە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، پاش ٩ ساڵیش لەجیاتی چارەسەرکردنی بە

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 20 اغسطس 2021؛ قُبل في 25 أكتوبر 2021
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 30 أبريل 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 ديار، د. ازاد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

پێی دەستوور لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ زیاتر ئاڵۆزکرا !

ئەم پرسە، بەپێی دەستووری هەمیشەیی عیراق، پێویست بوو تا ٣١ی دیسمەبەری٢٠٠٧ بەشێوەیەکی یاسایی و ئاشتیخوازانە کۆتایی بە چارەسەرکردنی هاتبا، دەستووری عیراقیش بە نزیکەی ٨٠ % دەنگی گەلی عیراق پەسەندکراوە، کەچی تا ئێستا (ساڵی ٢٠٢١) هێشتا پرسەکە یەکێکە لە گەورەترین گرفتەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی، تەنانەت ناکۆکیەکان و چارەسەرنەکردنی بە شێوەیەکی یاسایی و ئاسایی بووە هۆی هێرشی لەشکریی حکومەتی ئیتیحادی عیراقی و چەکدارانی حەشدی شەعبی و سەرلەنوێ دەستبەسەر ناوچەکان دا گیرایەوە بە شەڕ!، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٤ وە زۆربەی ئەم ناوچانە بە خوێن و کۆششی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە داگیرکاریی تیرۆریستانی داعش پارێزران یان ڕزگارکران - پاش کشانەوەی هێزەکانی سوپا و پۆلیسی ئیتیحادی عیراقی لەو ناوچانە. بەلام بێگومان ئەم دەستبەسەرداگرتنە بە زەبری هێز، هەم پێچەوانەی چارەسەرە دەستوورییەکەی گرفتەکەیە، هەم گرفتەکەی زۆر ئاڵۆزتر کردووە، وهەم نێوانی پێکهاتەکانی تێکداوە و ئاسایش و سەقامگیریی لەو ناوچانە بۆ دانیشتووانی رەسەنی کوردی ئەو ناوچانە لەناو بردووە، بۆیە تەنیا چارەسەری ڕەوا و کۆتایی گرفتەکە، چارەسەرە یاسایی و ئاشتیخوازانەکەی دەستووری عیراقە، بەلام پێویستە لە میکانیزم و شێوازی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە بکۆڵرێتەوە.

قەزای مەخمووریش، هەرچەندە لە ٢٠٠١ لە "پەناگەی ئارام" کە پێشینەی هەرێمی کوردستان بوو جیاکرایەوە، پێشتر لە ساڵی ١٩٩٦ لە لایەن ڕژێمی بەعس لە پارێزگای هەولێر دابڕێندرا. دوای روخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ وە قەزای مەخمور بووەتە بەشێک لەو ناوچە کێشە لەسەرانە و چارەنووسی قەزاکە بەستراوەتەوە بە چارەسەریی گشتیی گرفتەکە .

لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی بابەتییانە لە هۆکار و پاڵنەر و پەرەسەندنەکانی پرسی دابڕاندنی قەزای مەخموور دەکۆڵرێتەوە، و قۆناخەکان و دەرەنجامەکانیشی بە وردی ڕوون و شی دەکرێنەوە، و لە کۆتایی دا ڕێگە چارە یاسایی و ئاشتییانەکەی لە چوارچێوەی ڕاسپاردەدا دەخرێتە ڕوو .

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

- تیشک دەخاتە سەر سروشت و پاڵنەر و قۆناخ و ڕەهەندەکانی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەگشتی لە کاتی پەیدابوونیەوە تا ئێستا.

- تایبەتمەندییەکانی قەزای مەخموور وەک بەشێک لە پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان، کە بە گشتی پرسێکی گرنگ و چارەنووسسازە شی دەکاتەوە، و کات و شێوازی دابڕاندنی جیاوازیی دەڤەرەکە لە دەڤەرەکانی دیکەی هاوشێوەی، بە هۆی ئەوەی کە تا ساڵی ١٩٩٦ بەفەرمیی بەشێک بووە لە پارێزگای هەولێر، ڕوون دەکاتەوە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:

هۆکاری ئەوەی کە ئەو بابەتەمان بۆ توێژینەوەکە دەستنیشان کردووە ئەوەیە، گرفتی ناوچە کێشە لەسەرەکان لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادیی بەگشتی، لە نێویاندا قەزای مەخموور، بووەتە پرسێکی چارەنووسساز بۆ گەلی کوردستان، چونکە چارەسەرکردنی گرفتەکە، لە لایەکەوە سنووری سیاسیی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی کۆتایی و هەمیشەیی یەکلایی دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی ئاسایی دەکاتەوە، کە لە خزمەتی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی هەموو ناوچەکە دایە. سەبارەت بە گەڕانەوەی قەزای مەخموریش بۆ چوارچێوەی ڕەسەنی خۆی لە نێو پارێزگای هەولێر و کە لە دەوروبەری پایتەختی هەرێمی کوردستانە، گرنگیی تایبەتی دیکە بە چارەسەرکردنی گرفتەکەی دەبەخشێت .

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی زانستی و بابەتیانە لە ڕیشە و پەرەسەندن و ڕەهەندەکانی ئەو پرسە گرنگ و هەڵپەسێردراو و ئاڵۆزکراو و مەترسیدارە بکۆڵینەوە، و شێوازی چارەسەرکردنی دروستی ئەم گرفتە بخەینەڕوو، بە مەبەستی بەشداری کردن لە هەوڵ و کۆششی ئاشتیخوازانە لە پێناوی پێشگرتن لە کارەساتی زیاتر بۆ هەموو دانیشتووانی ڕەسەنی ئەم ناوچەیە، و بە نیازی چاککردنی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی (مەرکەزیی) عیراق، کە مەرجی بنەڕەتیی جێگیربوونی ئاشتی و سەقامگیرییە لەم ناوچە نائارامانە بە تایبەتی و لە نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی دەوڵەتی عیراق بەگشتیی .

## گرفتی توێژینەوە:

کاکڵی گرفتی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەم سێ پرسیارانەدا دەنوێنێت:

-بۆ تا ئێستا (١٦ ساڵە) هێشتا گرفتی „ناوچە کێشە لەسەرەکان "بەگشتیی و بەکردەیی چارەسەر نەکراوە؟

-بە چ شێواز و ئامرازێک ئەو گرفتە ئاڵۆزکراوە و مەترسیدارە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی یەکلایی دەکرێتەوە، کە ماف و بەرژەوەندی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پرسەکە بە شێوەیەکی یاسایی و ڕەوا مسۆگەر بکات؟

- ئایا تایبەتمەندیی دابڕاندنی قەزای مەخموور لە پارێزگای هەولێر، کە کات و شێوازی دابڕاندنی زۆر جیایە لە ناوچە دابڕێندراوە کێشەلەسەرەکانی دیکە، جیای ناکاتەوە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان، و چارەسەریی گرفتەکەی بەر لە ناوچەکیشەلەسەرەکانی دیکە، وەک سەرەتا بۆ تەواکردنی جێبەجێکردنی چارەسەریی دەستووریی پرسەکە بە گشتی، بە دیالۆگ و ڕێکەوتن دەستەبەر ناکات؟

## گریمانەی توێژینەوە :

- بە پێی مەزەندەی توێژینەوەکە: بۆیە پرسەکە، کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس دروستکرا و لە عیراقی نوێ چارەسەرییەکی یاساییانە و ئاشتیخوازانەی بۆ لە دەستووری ئیتیحادی لە سالی ٢٠٠٥ چەسپێندراوە، تا ئێستا (کۆتایی ٢٠٢٠) چارەسەرنەکراوە، چونکە حکومەتانی سەردەمی نوێی عیراق چارەسەرکردنە دەستوورییەکەیان پشتگوێ خستووە لەبەر چەند هۆکارێکی ناوخۆیی و فشاری دەرەکیی؛ و بە پێچەوانەوەشەوە حکومەتی حەیدەر عەبادی گرفتەکەی ئاڵۆزتر کرد و وەک بۆمبێکی زەمەنی دانراوەی لێکردووە! بۆیە چارەسەریی دروست و کۆتایی ئەم پرسە تەنیا لە ڕێگەی چارەسەرە یاسایی و ئاشتیخوازانە چەسپاوەکەی دەستووری هەمیشەیی عیراقە، واتە بە تەواوکردنی جێبەجێکردنی تەواوی ناوەرۆکی هەردوو ماددەکانی (١٤٠) و (١٤٣)ی دەستوور دەبێت .

- بەلام پێویستە پێشتر ڕەوشی ئاڵۆزکراوی ناوچەکان ئاسایی بکرێتەوە: واتە ئیدارە و ئاسایش و بەرگری لێکردن و پاراستنی بە شێوەیەکی هاوبەش لە نێوان حکومەتی ئیتیحادیی عیراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، تا چارەسەریی کۆتایی و هەمیشەیی دەستووریی بەتەواوی تابیعیەتی ئیداریی ناوچەکان یەکلادەکاتەوە.

- سەبارەت بە ئەگەری چارەسەرکردنی تایبەتیی پرسی دابڕاندنی قەزای مەخمور، بە مەزەندەی توێژینەوەکە، ئەگەر بڕیاربەدەستانی حکومەتی ئیتیحادیی عیراق نیازیان چاک بێت و ئەم ویستەیان هەبێت، دەکرێت و دەبێتە هەنگاوی یەکەمی پیشاندانی ئەو نیازچاکییە و سەرەتای

دروستکردنی متمانەی هاوبەش لە نێوان هەردوو حکومەت و پتەوکردنی پەیوەندیی و هاوکاریی و هەماهەنگیی نێوانیان .

**میتۆدی زانستی توێژینەوە:**

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی زانستی وەسفی شیکاریی (بە تایبەتی هەردوو ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی - دراسة المحتوى والدراسة المقارنة) و میتۆدی مێژوویی بەڵگەیی و ڕێبازی لێوەدەرهێنان (نهج الاستنتاج) بەکار دەهێنرێن.

**پەیکەری توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێت لە سێ بەش - جگە لە پێشەکیی و کۆتایی .

بەشی یەکەم تایبەتە بە دەروازەیەکی تیۆریی پەیوەندیدار بە پرسی ناوچە کێشەلەسەرەکان و ناساندنی چەمکی ناوچە کێشەلەسەرەکان و شێوەکانی چارەسەرکردنی لە جیهان.

بەشی دووەم لە سەرەتا و هۆکار و پاڵنەر و قۆناخ و پەرەسەندنەکانی پرسەکە بە گشتیی و وردیی دەکۆڵێتەوە، و ناوەڕۆکی چارەسەرە دەستوورییەکەی شی دەکاتەوە و لە هۆکارەکانی تەواونەکردنی جێبەجێکردنی چارەسەرییە دەستوورییەکە و هۆکاری سەرەکیی ئاڵۆزکردنی لە لایەن حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٧ وە دەکۆڵێتەوە .

بەشی سێیەم پەیوەستە بە لێکۆڵینەوە لە هەموو لایەنەکانی گرفتی دابڕاندنی قەزای مەخموور بەتایبەتیی، و میکانیزم و شێوازی گونجاو بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی چارەسەریی پرسەکە بە گشتیی و سیناریۆی چارەسەرکردنی گرفتی مەخمور بە تایبەتیی دیار دەکات .

لە کۆتایی توێژینەوەکەش دا دەرەنجامەکان و ڕاسپاردەکان دەخرێنە ڕوو .

**2. بەشی یەکەم : دەروازەیەکی پێناسەیی و مێژوویی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان**

ئەم بەشە پێکدەهێت لە دوو باس، لەباسی یەکەمدا تیشک دەخرێتە سەر دەستەواژەی "ناوچە کێشە لەسەرەکان"، لە باسی دووەمیشدا زاراوە و تێگەی (چەمکی) "کێشە" و زاراوە هاوشێوەکانی ڕوون دەکرێتەوە.

**2. 1. باسی یەکەم/ زاراوەی "کێشە" و دەستەواژەی "ناوچە کێشە لەسەرەکان"**

دەستەواژەی "ناوچە کێشە لەسەرەکان" بۆ ئاماژەکردن بەو شوێن و جێگەیانە بەکاردەهێنرێت، کە کێشەیان لەسەرە سەبارەت بە سنووری سیاسیی یان ئیدارییان (خاک یان ئاو)؛ بە شێوەیەکی گشتی کەوتوونەتە ناوچە سنوورییەکانی دەوڵەتانی دراوسێ، وەک ناوچەی ئەبیێ ((Abyeiی کێشە لەسەر لە نێوان دەوڵەتی سوودان و دەوڵەتی باشووری سوودان (پێشان گرفتەکە لە نێوان هەرێمی باشووری سوودان حکومەتی ئیتیحادی سوودان) بوو، بەلام چونکە پێش سەربەخۆیی باشووری سوودان چارەسەر نەکرا، پاش سەربەخۆییش هەر بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، بەلام ئەم جارەیان لە نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ)؛ هەروەها تەنگەی(مضیق) ئاویی (ئێمس- ئێستوار / (Ems-Ästuarلە نێوان ئەلمانیا و هۆڵەندا. ئەو ناوچە کێشە لەسەرانە یان کەوتوونەتە دەڤەرەکانی نیشتەجێبوونی خەڵکی (پێکهاتەی) سەر بە نەتەوە یان ئایین یان ئینتی جیاوازی هەرێمی جیای یەک دەوڵەت: بۆ نموونە ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عیراق. کێشەکەش لە بنەڕەت دا لەبەر دوو هۆکاریی سەرەکی دروست دەبێت: بوونی سامانی سروشتی لەو ناوچانە یان پێگەی جیۆگرافی ستراتیجی ئەو ناوچانە (ئازاد، 2013، 20).

زاراوەی "کێشە" تێگەی (چەمکی) گشتی و فراوانی هەیە، لەگەڵ تێگەی (چەمکی) زاراوە هاوشێوەکانی وەک ناکۆکیی و گرفت و ململانێ و جیاوازیی و پێکدادان و شەڕ یان جەنگ واتاکانیان زۆر لە یەکدییەوە نزیکە، هەروەها بابەتەکانی کێشە فرەجۆرن، وەک کێشە ئابوورییەکان، کە پەیوەستن بە کێشە لەسەر سامان و داهات و سەرچاوەکانی ووزە و ئاو، لە پێناو دووبارە دابەشکردنەوەی سامانەکان؛ هەروەها کێشە سیاسییەکان لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییە جیاوازەکان، سەبارەت بە میکانیزمەکانی حکومڕانی و بەشداری لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسیی. هاوکات کێشە ئیتنییەکانیش پەیوەستن بە کێشەی پێکهاتەیەک لەگەڵ پێکهاتەیەکی دیکە لە پێناو چەسپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووریی تایبەت بە پێکهاتەیەک. هەروەها کێشە بەهاییەکانیش هەن وەك کێشەی ئایینی و ئایدۆلۆجی؛ سەرەڕای کێشە کۆمەڵایەتیەکان کە پەیوەستن بە هەوڵدانی تاکەکان و گروپەکان یان کۆمەڵەکان لە نێوان خۆیاندا بۆ پاراستنی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییە جیاوازییەکانیان لە نێو یەك کۆمەڵگا. جگە لەوەش سروشتی کێشەکان جیاوازە، دەکرێت کێشە لەشکریی (عسکري) بێت و توند و تیژی بەدواوە دا بێت، کاتێك بەرژەوندی لایەنە ناکۆکەکان دەگاتە ڕێگایەکی بنبەست و ناکۆکیی دەبێتە ململانێ و پاشان کێشەی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی گرژیی و دروستبوونی دۆخی پێکدادان، کاتێک هەموو ئامرازە ئاشتییەکان بۆ هێنانەکایەی ئاشتەوایی و ئاشتی شکست دەهێنن؛ لێرەدا لایەنێك یان چەند لایەنێکی ناکۆکییەکە و دواتر کێشەکە وای دەبینێت کە دەتوانێت لە ڕێگای هەڕەشە و شەڕ واتە بە بەکارهێنانی هێز داواکانی خۆی بەدیبهێنێت یان ویستی خۆی بسەپێنێت و بگاتە ئامانجەکەی خۆی. هاوکات لەوانەیە ناکۆکی یان کێشە لەسەر شتێک یان پرسێک شاراوە بێت، لێرەدا جیاوازی هەیە لە ئامانج و بەرژەوەندی نێوان لایەنەکان، بەڵام ئەو جیاوازییە ناگاتە ئەو ڕادەدەیەی کە پێکدادان و شەڕ لە نێوانیاندا ڕوووبدات، بۆیە لێرەدا ڕۆڵی لایەنی سێیەم زۆر گرنگ دەبێت بۆ ئەوەی ناوبژیوانی بکات و بچێتە ناو دانوستانەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکیی یان کێشەکە بە شێوەیەکی ئاشتییانە.

زاراوەی کێشە (النزاع - (disputeپێناسەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە پەیڕەونامەی (میساقی) نەتەوەیەکگرتووەکان پێناسەی زاراوەی (کێشە)ی نەکردووە بۆ ئەوەی یەکلا ببینەوە لەو بۆچوونە جیاوازانەی سەبارەت بەو زاراوایە دەخرێنەڕوو، لەبەر ئەوەی بابەتی (کێشە) ئاڵۆز و سەختە و پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە. ناکۆکیی و گرفت و ململانێ دواتر کێشە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکان و خواستەکان دروست دەبێت، بەجۆرێك لایەنێک یان دەوڵەتێك بانگەشەی ئەوە دەکات کە لایەنێک یان دەوڵەتێکی دیکە مافەکانی لێ زەوت کردووە و داوای گەڕانەوەی ماف و بەرژەوندییەکانی خۆی دەکات، یان هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو دەکات، کە لایەنەکە یان دەوڵەتەکەی دیکەی بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتە ڕەتدەکاتەوە (علی، 2008، 18).

بۆیە لێرەدا بۆ گەیشتن و خستنەڕووی مەبەستی دیاریکراوی "کێشە" دەبێت بۆچوونی زانایان لەو بوارەدا بخەینەڕوو. لە کتێبەکەی دکتۆر جابر الراوي "المنازعات الدولیە" دا هاتووە کە زاراوەی (کێشە) زۆر لێکچووە لەگەڵ ئەو زاراوانەی کە بەوە جیادەکرێنەوە ناروونن، بۆیە دەکرێت لەسەر دوو بنەمای دیاریکراو شیکردنەوەی بۆ بکرێت :

یەکەم: بە واتا فراوانەکەی بریتیە لە ڕێکنەکەوتن لەسەر یاسای نێودەوڵەتی، یان لە واقعدا کێشە لە گۆشەنیگای یاساییەوە.

دووەم: بە واتا تەسکەکەی، بریتیە لەوەی لایەنێکی کێشەکە هەڵسوکەوتێك دەکات لەسەر ئەوەی پێشێلی یاساییە، هاوکات لایەنەکەی دیکە ئەو هەڵسوکەوتە ڕەتدەکاتەوە.

لەو نێوەندەدا دکتۆر اسماعیل صبری مقلد زاراوەی ململانێ (صراع) بەکار دەهێنێت لەجیاتی کێشە (نزاع) و بەم شێوەیە پێناسەیەکی گشتگیری بۆ دەکات و دەڵێت: "ململانێ بریتییە لە کێشە لەسەر دەرامەتە نیشتیمانییەکان، و ئەوکێشەیە دروست دەبێت لە ئەنجامی جیاوازی لە

بیرکردنەوەی دەوڵەتان و ئامانجەکانیان و تواناکانیان، بەمەش دەگەنە ئەو شیکردنەوەیەی کە لە کۆتاییدا بڕیاری سیاسی لێ دەکەوێتەوە لە سیاسەتی دەرەوەدا و زیاتر جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت نەك ڕێککەوتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ململانێیەی کە دروست بووە سەرەڕای پشێوییەکان و فشارەکان ناگاتە خاڵی شەڕی چەکداری(اسماعیل، 1991، 223).

### 2.2 **باسی دووەم/ پێناسە و تێگەی (چەمکی) زاراوە هاوشێوەکانی زاراوەی کێشە**

دوای ئەوەی پێناسەی زاراوەی "کێشە"مان خستەڕوو، ئاماژە بە جیاوازی و تایبەتمەندی تێگەی ئەم زاراوەیە لەگەڵ تێگەی زاراوەکانی دیکەی هاوشێوەی دەکەین. ئەو زاراوانەش بریتین لە (گرژیی، تەنگژە، ململانێ، شەڕ یان جەنگ) ئەمەش بە پێناسەکردنی هەر یەك لەو زاراوانە و (خستنەڕووی گرنگترین جیاوازییان لەگەڵ زاراوەی (کێشە.

- **گرژیی (توتر**- :( tensionدەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك لە هەڵوێست و هەوەس لە ئەنجامی گومان و نەبوونی متمانە. زاراوەی گرژیی بە پێی بۆچوونی (مارسیل میرل- (Marcel Merleبریتیە لە: "هەڵوێستە ململانێییەکان کە بە لایەنی کەم لەو قۆناخەدا ناگاتە ئاستی پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی چەکدار، "بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ نیازی لایەنەکان بۆ بەکارهێنان یان پیشاندانی هەڵسوکەوتی ململانێ(مهنا، 1998، 8).

بۆیە (گرژیی) وەك (کێشە) نییە، چونکە لەم قۆناخەدا ناکۆکیی و ململانێیەکان بەکردەیی و بەئاشکرا دەردەکەون و هەوڵەکانی نێوان لایەنەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن، و هەر لایەك دەیەوێت کاریگەری خۆی بخاتە سەر لایەنەکەی دیکە؛ هاوکات لە قۆناخی گرژیدا گومان و ترس و دوژمنکاریی نیە، بەڵکو هیوایەك هەیە بۆ ئاشتبوونەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین گرژی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای ناکۆکیی و زۆرجار هۆکارەکانی پەیوەندییەکی توندی هەیە بە هۆکارەکانی ناکۆکی(داروتی، 1985، 140).

**-تەنگژە (أزمة :(crisis -**

توێژەران کە بە دیاریکراوی تیشك دەخەنە سەر زاراوەی تەنگژە (قەیران)، چەند تایبەتمەندییەکی ئەو زاراوەیە دەخەنەڕوو، کە جیای دەکەنەوە لەوانی دیکە، ئەو تایبەتمەندییانەش ئەمانەن :

لە ناکاوە، ئاڵۆزە، زانیاریی ووردی لەسەر نییە و ئەو ماوەیەی لەبەردەستە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی کەمە .کارل سلایکی وای دەبینێت کە "قەیران بریتیە لە دۆخێکی کاتی لە بوونی ئاستەگ و نا هاوسەنگیی لە ڕێکخستن، دەکرێت سەیری قەیران بکرێت بەوەی دۆخێکە یاخود حاڵەتێکە لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە هۆکارەکانەوە بۆ گۆڕانێکی لە ناکاو لە دەرئەنجامەکان"(عثمان ، 2004، 124).

کەواتە تەنگژە بریتیە لە گۆڕانێکی لە ناکاو لە هەڵس و کەوتێکی ئاساییەوە لە ئەنجامی زنجیرەیەك لە کارلێکبوون کە تێیدا بانگەشەی هەڵوێستێکی لە ناکاوی تێدا دەکرێت و هەرەشەیە بۆ سەر بەهاکان، یان بەرژەوەندییە جەوهەرییەکانی دەوڵەت، ئەمەش پێویستی بەوە دەبێت کە چەند بڕیارێکی بەپەلە وەربگیرێن لە کاتێکی کورت و کەم و لە دۆخێکی نا دڵنیایی لەبارەی ئەوەی کە دۆخەکە نەتەقێتەوە و تەنگژەکە نەبێتە رووبەڕوو بوونەوە یان پێکدادانی چەکداریی(علیوة، 1997، 6) .

**-ململانێ (الصراع :(conflict -**

ململانێ بەهۆکاری ئەوە دروست دەبێت کە پلانی ستراتیجی دژ بەیەك دروست دەبێت لە نێوان لایەنەکان یان دەوڵەتاندا، وەك ململانێی نێوان ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران بە هۆی بوونی جیاوازی ئایدیۆلۆجی لە نێوانیاندا، چونکە ولاتە یەکگرتووەکان پەیڕەویان لە بیری سەرمایەداری دەکرد و هەوڵی بڵاوکردنەوەیان دەدا، لە بەرامبەردا یەکێتی سۆڤیەت پەیڕەوی لە بیری کۆمۆنیستیی (شیوعیەت) دەکرد، هەوڵی دەدا لە سەرانسەری جیهان دا بڵاوی بکاتەوە. ئەم ململانێیەش بووە هۆی ئەوەی کە جیهان دابەش ببێت بەسەر دوو کامپ (ئۆردوگا)، ئۆردوگای رۆژهەڵات و ئۆردوگای رۆژئاوا بەهۆی ململانێی هێزە زلهێز و گەورەکان، ئەو ململانێیەش لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٩٩٠ کۆتایی پێهات، بە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی سیستەمی جیهانیی تاك جەمسەری بە سەرۆکایەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەو ململانێیە تەنانەت لە دوای روخانی یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەك لە شێوەکان بوونی هەیە بە هۆی ململانێ لەسەر هەژموون لە نێوان روسیای فیدراڵی و ولاتە یەکگرتووەکان، بەڵام بەجۆرێکی نەرمتر لە ماوەی "شەڕی ساردی" پێشوو(ابراهیم، 2008، 18).

**-جەنگ (الحرب:( war–**

زاراوەی (جەنگ) پەیوەستە بە بەکارهێنانی توندوتیژیی و هێز، بۆیە لە زۆربەی پێناسەکاندا هاتووە کە توندوتیژییەکی ڕێکخراوە بە بەکارهێنانی هێزە چەکدارییەکان. کلوزفیتس Clausewitz - پێناسەی جەنگ دەکات بەوەی: "کارێکە لە کارەکانی توندوتیژیی بە ئامانجی ئەوەی لایەنە رکابەرەکەی ویستەکانی جێبەجێ بکات. جەنگ پەیوەندی بە مەیدانی زانستیی و هونەرییەوە نیە، بەڵکو پەیوەستە بە بوونی هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووریی، واتە ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندییە گەورەکان کە خوێنی تێدا دەرژێت، بۆیە تەنها ئەو خاڵە جیای دەکاتەوە لە ناکۆکییەکانی دیکە"(مهنا ،1998، 9).

هەروەها غاستون بوتول- Gaston Bouthoul بەم شێوەیە پێناسەی جەنگ دەکات" جەنگ ململانێیەکی چەکداریی و خوێنڕێژیی لە نێوان کۆمەڵە ڕێکخراوەکان"، وە ئاماژە بەوە دەکات کە " جەنگ شێوەیەکە لە شێوەکانی توند و تیژی، وە بەوە جیادەکرێتەوە کە خوێناوییە، واتە کاتێك ئەو جەنگە نابێتە هۆی وێرانکردنی مرۆڤەکان، واتە تەنها لە قۆناغی ململانێ یاخود گۆڕینەوەی هەڕەشەکاندایە"(بوتول، 1983، 48).

بە شێوەیەکی گشتی وادەردەکەوێت کە ناکۆکیی و گرژیی و جەنگ قۆناغەکانیان کەوتوونەتە پێش قۆناخی تەنگژە، و ڕێژەی مەترسیی و هەڕەشەکانیشیان لەسەر ئاستی ئاسایشی هەرێمیی و ئاشتیی نێودەوڵەتیی گۆڕانکاری بەسەر دادێت. تەنگژە لەسەرەتادا بە گرژیی دەست پێدەکات، دواتر دەگوازرێتەوە بۆ قۆناخی تەنگژەی درێژ یان کورت خایەن، دواتر دەبێتە جەنگێکی سنووردار یان گشتگیر(جراد، 1984، 95).

## 3. بەشی دووەم/ کرۆکی چارەسەریی دەستووریی پرسی "ناوچە کێشە لەسەرەکان" و هۆکاری جێبەجێ نەکردنی

### 3.1 باسی یەکەم/ پوختە و کەموکورتییەکانی چارەسەریی یاسایی گرفتەکە لە یاسای بەڕێوەبەردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناخی گواستنەوە (2004)

دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە 12ی تەمووزی 2003 هەڵسا بە دامەزراندنی دەستەیەکی سیاسی کە ناونرا (ئەنجومەنی حوکمی عیراق- مجلس الحکم العراقی). ئەندامانی ئەنجومەنەکە پێکهاتبوون لە نوێنەری حزب و کوتلە سیاسییە عیراقیی و کوردستانییەکان کە لە رابردوودا ئۆپۆزسیۆنی عیراق بوون لە دژی رژێمی بەعس، دواتر بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دەوڵەت دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان بەو ئەنجومەنە بەخشرا. پاشان ئەنجومەنی حوکم هەڵسا بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ ئامادەکردنی دەستوورێکی کاتیی بۆ ووڵات بە سەرۆکایەتی (د. فوئاد مەعصوم)، لیژنەکە "یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بۆ قۆناغی گواستنەوە"* ی دەرکرد، دواتر لە 8ی ئاداری 2004 لە لایەن ئەنجومەنی حوکمی عیراقییەوە پەسەند کرا(پۆل، 2014، 103).

ئەو یاسایە، وەک دەستوورێکی کاتییە، بە شێوەیەکی فەرمی و کردەیی دانی بە هەرێمی کوردستان نا، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە ماددەی (53) ئەوەیە کە دیاریکردنی سنووری

کوردستانە بە شێوەیەکی کاتییە نەك کۆتایی، لەبەر ئەوەی هەروەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد دیاریکردنی سنووری کۆتایی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای یەکلایی کردنەوەی پرسی گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێندراوە پەیوەندیدارەکانەوە دەبێت، لە نێویاندا پارێزگای کەرکوك و ناوچەکانی تر، کە ماددەی (58)ی یاساکە میکانیزمێکی دیاریکردووە بۆ گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی، و دەقی ماددەکە بەم شێوەی خوارەوەیە:

"أ- حکومەتی عیراق، بە تایبەتی دەستەی باڵای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی سەر موڵکداری و زەوی لایەنی دیکەی پەیوەندار، دەبێت زۆر بە خێرایی دەست بکەن بە گرتنەبەری ڕێکارەکان لە پێناو نەهێشتنی ئەو ستەمەی کە لە ئەنجامی کردەوەکانی ڕژێمی پێشووەوە کراوە، و خۆی دەبینێتەوە لە گۆرینی دۆخی دانیشتووانی هەندێك ناوچەی دیاریکراو، لەوانەش کەرکوك کە لە ڕێگای ڕاگواستن و دوورخستنەوەی کەسەکان لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان هاتووەتە کایەوە و لە ڕێگای کۆچپێکردنی بەزۆر لە ناو ناوچەکە و لە دەرەوەشیدا، و نیشتەجێکردنی کەسانی لایدە لە شوێنیان و بێ بەشکردنی دانیشتووان لە کارکردن، لە ڕێگای ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی، و بۆ چارەسەرکردنی ئەو ستەمە، پێویستە حکومەتی قۆناغی گواستنەوەی عیراقی، ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بگرێتە بەر :

1- سەبارەت بەو نیشتەجێیانەی ڕاگوازراون و دوورخراونەتەوە وکۆچیان پێکراوە و کۆچیان کردووە لەگەڵ یاسای دەستەی باڵای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی موڵکداری زەوی و زار و ڕێکارە یاساییەکانی دیکە، پێویستە حکومەتی عیراقی لە ماوەیەکی گونجاودا ئەو دانیشتووانانە بگەڕێنێتەوە سەر ماڵ و موڵکەکانی خۆیان، ئەگەر ئەوەش نەتوانرا ئەوا دەبێت حکومەت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە قەرەبوویان بکاتەوە.

2- سەبارەت بەو کەسانەی کە گواستراونەتەوە بۆ ناوچە و سەر زەوی و زاری دیاریکراو، پێویستە حکومەت لە کارەکانیان بکۆڵێتەوە بە پێی ماددەی 10 لە یاسای دەستەی باڵای چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی موڵکداری و زەوی و زار، بۆ دەستەبەر کردنی توانای دووبارە نیشتەجێکردنیانەوە، یان دەستەبەرکردنی توانستی وەرگرتنی قەرەبوو لە حکومەت، یان توانای پێدانی زەوی و زاری تازە لە دەوڵەتەوە و لە نزیك شوێنی دانیشتنیان لەو پارێزگایانەی کە لێیان هاتوون، یان توانای وەرگرتنی قەرەبوو لە باتی گواستنەوەیان بۆ ئەو ناوچانە.

3- سەبارەت بەو کەسانەی کە بێبەش کراون لە دامەزراندن، یان لە ڕێگەکانی دیکەی دەستکەوتنی بژێوی ژیان بۆ ناچار کردنیان بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوون و ناوچە و زەوی و زاری خۆیان بەجێبهێڵن، پێویستە حکومەت هانی دەستەبەرکردنی کاری نوێ بدات بۆیان لەو ناوچە و زەوییانەدا.

4- هەرچی پەیوەستە بە ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی، ئەوا دەبێت حکومەت هەموو ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بەو بابەتەوە هەلوەشێنێتەوە و ڕێگە بە کەسانی زیانلێکەوتوو بدات کە مافی خۆیان هەبێت بڕیار لەسەر ناسنامەی نیشتیمانی و ڕەگەزیی خۆیان بدەن، بە بێ هیچ فشار و ناچار کردنێك.

ب-ڕژێمی پێشوو دەستکاری سنووورە ئیدارییەکان و شوێنەکانی تریشی کردووە، لە پێناو دەستەبەرکردنی مەرامی سیاسیی، بۆیە پێویستە سەرۆکایەتی و حکومەتی گواستنەوەی عیراقی، ڕاسپاردەکان بدەنە ئەنجومەنی نیشتیمانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکارییە نا دادپەروەریانە، ئەگەر سەرۆکایەتی نەیتوانی بەکۆی دەنگ ڕێکبکەوێ لەسەر کۆمەڵێك ڕاسپاردە، با ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بەکۆی دەنگ ناوبژیوانێکی بێلایەن دابنێت، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە و پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان، ئەگەر ئەنجومەنی سەرۆکایەتی توانای ئەوەی نەبوو بڕیار لەسەر ناوبژیوانێك بدات، ئەوا دەبێت ئەنجومەنی سەرۆکایەتی داوا لە ئەمینداریێتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی دیار دابنێت بۆ ناوبژیکردنی پێویست .

ج- پاکتاوکردنی(تصفیە) کۆتایی پرسی ئەو زەوییانەی کێشەیان لەسەرە، بەوانەی کەرکوکیشەوە دوادەخرێن بۆ ئەو کاتەی کە ئەو ڕێکارانەی سەرەوە تەواو دەکرێن، و هەتا سەرژمێرییەکی دادپەروەرانە و ڕوونی دانیشتووان دەکرێت، تا دەستووری هەمیشەیی ڕاستاندنی (ریفراندۆمی) لەسەر دەکرێت، دەبێت ئەو پاکتاوکردنە بەشێوەیەك ئەنجام بدرێت کە لەگەڵ پڕەنسیپەکانی دادپەروەریدا بگونجێت و ڕای دانیشتووانی سەر ئەو زەوییانەش بەهەند وەربگیرێت.

لێرەدا دەردەکەوێت کە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە کە وەك دەستوورێکی کاتی وابوو بۆ وڵات لە ماوەی ڕاگوزەردا، واتە لە دوو قۆناخ: یەکەمیان حکومەتی کاتیی بوو بە سەرۆکایەتی د.ئەیاد عەللاوی، قۆناغی دووەمیش حکومەتی ڕاگوزەر بوو بە سەرۆکایەتی ابراهیم جەعفەری، سەرەڕای ئەوەی لایەنی کوردی لە دانوستانەکاندا لەو ماوەیە توانی زۆر لە داوا و مافەکانی کورد بچەسپێنێت بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ناوچە کێشەلەسەرەکان، کە خۆی لە ماددەی 58 دەبینێتەوە، وهەرچەندە هەردوو حکومەتی ناوبراو لەسەریان بوو پابەند بن بە جێبەجێکردنی، بەلام پابەند نەبوون .

لەم قۆناخەدا جگە لە چەسپاندنی ناونانی ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکان بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووریی بە "ناوچە کێشەلەسەرەکان"، هیچ هەنگاوێکی پڕاکتیکی لە لایەن حکومەتی عیراقی نوێ نەهاوێشترا بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ماددەکە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لایەنی کوردی ئامادەیی و هێزێکی باشی هەبوو لە ڕووی سیاسی و لەشکریش لەو کاتەدا کە سوپای عیراق و دامەزراوەکانی داڕوخابوون، وسەرەڕای ئەوەی هێزی پێشمەرگە و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچە کێشەلەسەرەکانیان کردبوو، بەڵام بەرپرسان و نوێنەرانی لایەنی کوردی نەیانتوانی لەو قۆناغەدا ئامانج بەدەستبهێنن.

### 3.2 باسی دووەم/ میکانیزم و چارەسەریی پرسەکە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عیراق (2005)

- **ناوەرۆک و کەموکورتیی و تەگەرەکانی ماددەی (١٤٠(**

دەقی ماددەی (١٤٠) بەم شێوەی خوارەوەیە-:

"یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەنگاوی پێویست دەهاوێت بۆ تەواوکردنی جێبەێکردنی پێداویستییەکانی هەموو بڕگەکانی ماددەی(58) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە .

دووەم: ئەو بەرپرسیارێتییەی کەوتۆتە سەر شانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە حکومەتی گواستنەوەدا و لە ماددەی(58)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوەدا هاتووە درێژ دەبێتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەڵبژێردراو و بەردەوام دەبێت بە پێی ئەم دەستوورە تا بە تەواوی جێبەجێدەکرێت(ئاسایی کردنەوە، سەرژمێریی و کۆتایی دەهێت بە ڕاپرسی لە کەرکوك و ئەو شوێنانەی دیکە کە کێشەیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاوڵاتییان) لە ماوەیەك ئەو پەڕەکەی ڕۆژی سی و یەکی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی دوو هەزار و حەفتە ."

ئەوەی تێبینی دەکرێت لێرەدا ئەوەیە کە ئەو ماددەیە بە هەمان شێوازی ماددەی (58)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە دارێژراوە، لەگەڵ زیادکردنی سێ ڕوونکردنەوە، یەکەمیان: ڕاسپاردنی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ماددەکە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەڵبژێردراو بە پێی دەستووری هەمیشەیی، دووەمیان: ئاماژە کردن بە دەستەواژەی (ئیرادەی گەل) لە ڕێگای میکانیزمی (ڕاپرسیی - ریفراندۆم)، سێیەمیان: دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو(سقف زمنی محدد) بۆ چارەسەرکردنی کۆتایی بە سێ قۆناخ، کە ئاسایی کردنەوە و سەرژمێریی و ئەنجامدانی ڕاپرسییە بۆ دیاریکردنی ویستی هاوڵاتیانی ئەو

ناوچانە "ناوچە کێشە لەسەرەکان" لە ماوەیەك دا ئەوپەڕی 31ی کانوونی یەکەمی سالی (2007)ە. کەچی تا ئێستا (٢٠٢١) پاش چوارده سال تێپەڕبوون بەسەر ماوەی دەستووری دیاریکراو هێشتا مادده دەستوورییە چارەسەرکارەکە جێبەجێ نەکراوە .

ماددەی(140)ی دەستووری هەمیشەیی عیراق بە روونی جەخت لەسەر ئەرکی حکومەتی عیراقی هەڵبژێردراو لە ساڵی 2005 دەکاتەوە لە بارەی تەواو کردنی جێبەجێکردنی ماددەی (58) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عیراق بۆ قۆناخی گواستنەوە، هەروەها پابەندی دەکات بە ئەنجامدانی گشت ڕێکارە پێویستەکان بۆ ئەم مەبەستە لە کەرکوك و ناوچە کێشەلەسەرەکانی دیکە، کە لە سێ قۆناخ دا ڕێکی دەخات: ئاسایی کردنەوە، سەرژمێری و ڕاپرسی. خاڵی دووەمی ماددەکەش ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکە دەستنیشان دەکات، کە بریتییە لە کۆتایی ساڵی 2007، واتە نابێت ڕۆژی 31ی کانوونی یەکەمی 2007 تێبپەڕێنێت. هەرچەندە حکومەتی هاوبەندی هەڵبژێردراوی عیراق لە ساڵی 2006 بە سەرۆکایەتی "نوری مالیکی" ئەم ئەرکە دەستوورییەی لە بەرنامەی حکومەتەکەی چەسپاند، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو مادده بنەڕەتییەی دەستوور لەو ماوەیەی دیاریکرابوو تەواو نەکرا( ئازاد، 2013، 84).

یەکەمین کابینەی حکومەتی هەڵبژێردراو بە پێی دەستووری هەمیشەیی عیراق بە سەرۆکایەتی(نوری المالکی) لە 20ی ئایاری 2006 پێکهێنرا، و بەرپرسیارێتی یەکەم لە جێبەجێکردنی بەندەکانی دەستوور و چارەسەری کۆتایی ناوچە کێشەلەسەرەکانی کەوتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت)ی هەڵبژێردراو. دوای دەستبەکاربوونی حکومەتەکە لەبەر ڕۆشنایی ماددەی140ی دەستووری هەمیشەیی و خاڵی 22ی بەرنامەی کاری حکومەتەکە، بە فەرمانی دیوانی ژمارە (46) لە 9ی ئابی 2006 بە سەرۆکایەتی" هاشم الشبلی" وەزیری داد، لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی(140)ی دەستوور* پێکهێنرا، کە لیژنەیەکی دەستووری جێبەجێکاری وەزاری یاساییە، لەبەر ئەوەی هاشم الشبلی لە 4ی نیسانی 2007 دەستی لە سەرۆکایەتی لیژنەکە و لە وەزارەتی داد کێشایەوە، دواتر" رائد فهمی" وەزیری زانست و تەکنەلۆژیا لە شوێنەکەی دانرا و لە 2ی ئابی 2007 دەستبەکار بوو. هەرچەندە لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، لە ماوەی سەرۆکایەتی (رائد فهمي) چەند هەنگاوێکی گرنگی لە چوارچێوەی قۆناخی یەکەم دا (ئاسایی کردنەوە) ناوە، بەلام پاشتر کە (رائد فهمي)ش دەستی لەکار کێشایەوە لەسەرۆکایەتی لیژنەکە، هادی عامری لە جێگەکەی دانرا، ئیدی کار و ئەرکەکانی جیبەجێکردنی ناوەرۆکی ماددەی ١٤٠ ڕاوەستێندران و پشتگوێ خران و پاشانیش ئاڵۆزترکران.

لیژنەکە چەمکی "ناوچە کێشەلەسەرەکان"ی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: "ئەو ناوچانەن کە تووشی ڕێکاری ڕژێمی پێشوو(بەعس) بوون کە خۆیان لە گۆڕینی دیموگرافی و سیاسەتی تەعریب و گۆڕینی باری دانیشتووان لە ڕێگەی ڕاگواستن و دوورخستنەوە و کۆچپێکردنی تاکەکان لە شوێنی دانیشتنیان لە شێوەی کۆچی زۆرەملێ و جێنشینکردنی کەسانی دیکە لە جێگەیان و دەستبەسەر داگرتنی موڵك و زەویی و خاوەندارێتی کردن و کۆژاندنەوەی مافی تەسەروف پێکردن و بێبەشکردنیان لە کارکردن بە هۆی ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی و یاریکردن بەسنووری ئیداری ئەو ناوچانە بە مەبەستی بەدیهێنانی مەرامی سیاسی کە ڕژێمی پێشوو نیازی بوو، و ماوە یاساییەکەی ماددەی 140 بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان کاری لەسەر دەکات دەکەوێتە نێوان 17ی تەمووزی 1968 تا 9ی نیسانی 2003"

شایەنی ئاماژە پێکردنە کە هەردوو لیژنە پسپۆڕەکەی دیارکردنی ناوچە کێشەلەسەرەکان کە لیژنەی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) پێکیانهێنا، کارەکەی خۆیان بە شێوەیەکی ورد و ڕوون جێبەجێ کرد، و ئەنجامەکانیشیان بە دوو لیست بەو شێوەیەی خوارەوە بلاوکردەوە:

ناوچە کێشە لەسەرەکان، کە لە لایەن لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) دەستنیشان کراون -:

1- ناوچە کێشەلەسەرەکان لە پارێزگای کەرکوك کە ماددەی(140)ی دەستوور دەیانگرێتەوە:

پارێزگای کەرکوك بە گشت قەزاو ناحییەکانەوە لە نێویاندا قەزای داقوق/ دوزخورماتوو/ چەمچەماڵ/ کەلار/ کفری/ تازە خورماتوو .

)تێبینێ: قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلار ،کفری – جگە لە هەردوو ناحیەی جەبارە و قەرەتەپە - و دوو ناحیەی سەر بە قەزای خانەقین: مەیدان و قۆڕەتوو بە شێوەیەکی یاسایی و واقیعی بە پێی بڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٣)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت و دەقی ماددەی (١٤٣)ی دەستووری عیراق گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئیداریی ئێستاکییی.

2- ناوچە کێشەلەسەرەکان لە پارێزگای نەینەوا کە ماددەی (140)ی دەستوور دەیانگرێتەوە:

أ- قەزای شنگال و ناحییەکانی

ب-قەزای شێخان و ناحییەکانی

)تێبینی: ناحیەی باعەدرێ و ئەتروش و مڕێیا واتە بەشێك لە قەزای شێخان بە شێوەیەکی یاسایی و واقیعی بە پێی بڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٣)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت و دەقی ماددەی (١٤٣)ی دەستووری عیراق گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئیداریی ئێستاکیی .(

ت-قەزای حەمدانییە و ناحییەکانی

ث-قەزای تلکیف و ناحییەکانی

ج- ناحییەی بەعشیقە

ح- ناحییەی قەحتانییە (گر عزێر)ی سەر بە قەزای بەعاج.

خ- قەزای مەخموور و ناحییەکانی

د- ناحییەی زوممار

ذ- قەزای ئاکرێ و ناحییەکانی

تێبینی: پرسی قەزای ئاکرێ یەکلایی کراوەتەوە بە پێی بڕگەی(أ)ی ماددەی (53)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە و ماددەی 143ی دەستووری هەمیشەیی عیراق واتە بە شێوەیەکی یاسایی و واقیعی گەڕاوەتەوە نێو چوارچێوەی ئیداریی ئێستاکیی هەرێمی کوردستان.

ناحییەکان

| ناوی ناحییە | سەربە قەزای |
|---|---|
| ناحیەی شیمال | شنگال/ نەینەوا |
| ناحیەیقەیروان | شنگال/ نەینەوا |

| | |
|---|---|
| ناحیەی قەحتانیە | بەعاج/ نەینەوا |
| ناحیەی زوممار | تەلەعفەر/ نەینەوا |
| ناحیەیباعەدرێ | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیفاروق | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیئەتروش | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیمرێبا | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەی مزووری (دووبارەیە، چونکە ناحیەی ئەتروشە) | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیقەراج | مەخموور/ هەولێر |
| ناحیەیکەندێناوە | مەخموور/ هەولێر |
| ناحیەیگوێر | مەخموور/ هەولێر |
| ناحیەیعەدنانیە (ملا قەرە) | مەخموور/ هەولێر |

2- ناوچە کێشەلەسەرەکان لە پارێزگای نەینەوا کە ماددەی (140)ی دەستوور دەیانگرێتەوە:

أ- قەزای شنگال و ناحییەکانی

ب-قەزای شێخان و ناحییەکانی

تێبینی: ناحیەی باعەدرێ و ئەتروش و مرێبا واتە بەشێک لە قەزای شێخان بە شێوەیەکی یاسایی و واقیعی بە پێی بڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٣)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت و دەقی ماددەی (١٤٣)ی دەستووری عیراق گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئیداریی ئێستاکیی.

ت-قەزای حەمدانییە و ناحییەکانی

ث-قەزای تلکێف و ناحییەکانی

ج- ناحییەی بەعشیقە

ح- ناحییەی قەحتانییە (گر عزێر)ی سەر بە قەزای بەعاج.

خ- قەزای مەخموور و ناحییەکانی

د- ناحییەی زوممار

ذ- قەزای ئاکرێ و ناحییەکانی

تێبینی: پرسی قەزای ئاکرێ یەکلایی کراوەتەوە بە پێی بڕگەی(أ)ی ماددەی(53)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە و ماددەی 143ی دەستووری هەمیشەیی عیراق واتە بە شێوەیەکی یاسایی و واقیعی گەڕاوەتەوە نێو چوارچێوەی ئیداریی ئێستاکیی هەرێمی کوردستان.

**ناحییەکان**

| ناوی ناحییە | سەربە قەزای |
|---|---|
| ناحیەی شیمال | شنگال/ نەینەوا |
| ناحیەیقەیرەوان | شنگال/ نەینەوا |
| ناحیەی قەحتانیە | بەعاج/ نەینەوا |
| ناحیەی زوممار | تەلەعفەر/ نەینەوا |
| ناحیەیباعەدرێ | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیفاروق | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیئەتروش | شێخان/ نەینەو |
| ناحیەیمرێبا | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەی مزووری (دووبارەیە، چونکە ناحیەی ئەتروشە) | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیقەراج | مەخموور/ هەولێر |
| ناحیەیکەندێناوە | مەخموور/ هەولێر |
| ناحیەیگوێر | مەخموور/ هەولێر |
| ناحیەیعەدنانیە (ملا قەرە) | مەخموور/ هەولێر |

2- ناوچە کێشەلەسەرەکان لە پارێزگای نەینەوا کە ماددەی (140)ی دەستوور دەیانگرێتەوە:

أ- قەزای شنگال و ناحییەکانی

ب-قەزای شێخان و ناحییەکانی

)تێبینی: ناحیەی باعەدرێ و ئەتروش و مرێبا واتە بەشێک لە قەزای شێخان بە شێوەیەکی یاسایی و واقیعی بە پێی بڕگەی (أ)ی ماددەی (٥٣)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت و دەقی ماددەی (١٤٣)ی دەستووری عیراق گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئیداریی ئێستاکیی .(

ت-قەزای حەمدانییە و ناحییەکانی

ث-قەزای تلکێف و ناحییەکانی

ج- ناحییەی بەعشیقە

ح- ناحییەی قەحتانییە (گر عزێر)ی سەر بە قەزای بەعاج.

خ- قەزای مەخموور و ناحییەکانی

د- ناحییەی زوممار

ذ- قەزای ئاکرێ و ناحییەکانی

)تێبینی: پرسی قەزای ئاکرێ یەکلایی کراوەتەوە بە پێی برگەی(أ)ی ماددەی(53)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناخی گواستنەوە و ماددەی 143ی دەستووری هەمیشەیی عیراق واتە بە شێوەیەکی یاسایی و واقیعی گەڕاوەتەوە نێو چوارچێوەی ئیداریی ئێستاکیی هەرێمی کوردستان(.

ناحییەکان

| ناوی ناحییە | سەربە قەزای |
|---|---|
| ناحیەی شیخان | شنگال/ نەینەوا |
| ناحیەیقەیرەوان | شنگال/ نەینەوا |
| ناحیەی قەحتانیە | بەعاج/ نەینەوا |
| ناحیەی زوممار | تەلەعفەر/ نەینەوا |
| ناحیەیباعەدرێ | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیفاروق | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیئەتروش | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیمرێبا | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەی مزووری (دووبارەیە، چونکە ناحیەی ئەتروشە) | شێخان/ نەینەوا |
| ناحیەیقەراج | مەخموور/ هەولێر |
| ناحیەیکەندیناوە | مەخموور/ هەولێر |
| ناحیەیگوێر | مەخموور/ هەولێر |
| ناحیەیعەدنانیە (ملا قەرە) | مەخموور/ هەولێر |

3- ناوچە کێشە لەسەرەکان لە پارێزگای دیالە کە ماددەی (140)ی دەستوور دەیانگرێتەوە:

قەزای خانەقین و ناحییەکانی: جەلەولا "گولاڵە" / سەعدیە/ قەزای میقدادییە (شارەبان) و ناحییەکانی/ قەزای بەلەدروز و ناحیەی مەندەلی/ قەزای بەدرە/ ناحیەی جەسسان/ ناحییەی مەیدان/ ناحییەی قۆڕەتوو( ئازاد، 2013، 86).

تێبینی: ناحیەکانی بەدرە و جەسسان ئێستا سەر بە پارێزگای واست ن؛)

و ناحیەکانی مەیدان و قۆڕەتوو بە پێی برگەی (أ)ی ماددەی (٥٣)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەت و دوۆی ماددەی (١٤٣)ی دەستووری عیراق بە شێوەیەکی یاسایی و واقیعی گەڕاونەتەوە نێو چوارچێوەی ئیداری ئێستاکیی هەرێمی کوردستان(

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لایەنی حکومەتی ئیتیحادی عیراق بەشێوەیەکی ئاشکرا و بەردەوام تا ئێستا کەمتەرخەمە لە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور، نەک تەنیا لە ماوەی دیاریکراوی خۆیدا، کە دەبوو لەو ماوەیەی بۆی دیاریکراوبوو هەر سێ قۆناخەکانی جێبەجێبکراون. قۆناخی یەکەمی (ئاسایی کردنەوە) دەبوو لە 20ی ئاداری 2007 کۆتایی پێبهاتایە و قۆناخی دووەمی (سەرژمێریی) دەبوایە لە 31ی تەمووزی 2007 تەواو بوایە و قۆناخی سێیەم وکۆتایی ماددەکەش (ریفراندۆم) دەبوایە لە 31ی کانوونی یەکەمی 2007 ئەنجام درابا، هاوکات وولاّتانی دراوسێی هەرێمیش (بە تایبەتی تورکیا و ئێران) بەردەوام بوونەتە هۆی ئاستەنگ دروستکردن لە بەرامبەر جێبەجێکردنی ماددەکە، بۆ نموونە حکومەتی تورکیا لەم پرسە ناوخۆییەی عیراق بە شێوەیەکی زۆر نەرێنی خۆی لە پرسەکەدا هەڵقورتاند، و بە توندی دژی جێبەجێکردنی ماددەکە وەستا(نەوزاد، 2009، 214).

## 4. بەشی سێیەم: لێکۆڵینەوە لە گرفتی قەزای مەخموور و شێوازی چارەسەرکردنی.

قەزای مەخموور لە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ خراوەتە چوارچێوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان (المناطق المتنازع علیها) و چارەنووسی قەزاکە پەیوەست کراوە بە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عیراق، بۆیە تا ئێستا(2021) چارەنووسی قەزاکە یەکلایی نەکراوەتەوە و هێشتا بە فەرمی و لەسەر نەخشەی ئیداری عیراق بەشێکە لە پارێزگای موسڵ، واتە وەك ناوچەکانی دیکەی کێشە لەسەر بەشێکە لە کێشەکانی نێوان حکومەتی ئیتیحادی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، لە رووی کارگێڕیشەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە زۆربەی یەکە کارگێڕیەکانی قەزاکە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبردرێن، بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی پارێزگای موسڵ.

لەم بەشەدا بە روونی تیشك دەخەینە سەر ناساندنی قەزای مەخموور لە رووی مێژوویی و جوگرافییەوە، هەروەها گرفتەکانی قەزاکە و سیناریۆی چارەسەرییەکانیشی دەخەینەڕوو، بەجۆرێك دابەشی دەکەین بەسەر دوو باسدا، لە باسی یەکەمدا ناساندنی قەزای مەخموور لە رووی مێژوویی و لایەنی جوگرافیی و گۆڕانکارییە کارگێڕیی و دیمۆگرافییەکانی قەزاکە دەخەینەڕوو" لە باسی دووەمیشدا گرفتەکانی قەزاکە و سیناریۆی چارەسەرکردنی گرفتەکە لە چوار چێوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان دەخەینە بەر باسو لێکۆڵینەوە.

### 4.1 باسی یەکەم/ ناساندنی قەزای مەخموور لە رووی مێژوویی و جوگرافیی و گۆڕانکارییە کارگێڕیی

#### لقی یەکەم/ مەخموور لە رووی مێژووییەوە

قەزای مەخموور* یەکێکە لە کۆنترین قەزاکانی کوردستان کە سەرەتای دروستبوونی بۆ چاخە کۆنەکانی بەر لە مێژوو دەگەڕێتەوە، و بەشێوەیەکی بەردەوام ئاوەدانیی و ژیانی مرۆڤی تێدا هەبووە، بەڵگەش بۆ ئەمە دۆزینەوەی شوێنەواری مرۆڤ و پاشماوە مێژووییەکانە لەو دەڤەرەدا، لە گرنگترین ئەو شوێنەوار و پاشماوانەش ئەمانەن (کاولە کەنداڵ، گەلی مەنجەلان، قشڵەی کۆن، ئەشکەوتی بێ بن، گردی شێلێ)**. لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا دەشتی مەخموور ناوچەیەکی گرنگ بووە بۆ لەوەڕاندنی مەر و ماڵات و هاوکات پێگەیەکی گرنگی بازرگانیشی هەبووە؛ سەرچاوە مێژووییەکان ئەو گرنگییەی دەشتی مەخموور دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە ناوچەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو زێیی گەورە و بچووك، بۆیە پێیان گوتووە "دووێزات یان دووزێ". لە سەردەمی عوسمانییەکان و ئینگلیزەکانیش مەخموور ناوچەیەکی گرنگ بووە و چەندین بنکەی لەشکریی و دام

ودەزگای سیاسی لێ دامەزراوە( کەریم، 1999، 28).

لە ساڵی 1878 و لەسەردەمی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی "برایم ئاغای بایز ئاغای دزەیی" کە مێرێکی هۆزی (بنەماڵەی) دزەیی بوو – لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هاتووەتە ناوچەی هەولێر لە کوردستانی باشوور – شارۆچکەی مەخمووری ئاوەدان کردۆتەوە،(غەفوور، 2020، 32). برایم ئاغا بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتدارانی عوسمانیی و خەڵکی ناوچەکەش لەگەڵی بوون دەسەڵاتێکی فراوانی لە سنوورەکە دا هەبوو، چەند جارێکیش ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارە عوسمانییەکان بووەوە، واتە لە هەندێک پرسی تایبەت بە دەڤەرەکە دژیان وەستا( قادر، 2011، 234).

لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عیراق لە ساڵی 1921، پاش ئەوەی قەزای هەولێر لە سنجاقی کەرکوک لە لایەن داگیرکاریی بەریتانی جیاکرایەوە و کرایە لیوا (بە مەبەستی کەم کردنەوەی کورد لە سنجاق کەرکوک) و لە چوارچێوەی دابەشکردنی ئیداریی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراق – پێش لکاندنی کوردستانی باشوور پێیەوە بە فەرمیی، کە بە ویلایەتی موسڵ دەناسرا - پاشماوەی سنجاقی کەرکوکیش کرا بە لیوای کەرکوک) (ازاد، 2012، 62).

شارۆچکەی مەخموور لە ساڵی 1924 کرایە ناحیە، یەکەمین بەڕێوەبەری ناحییەش ناوی (سەعیدە سۆر) بوو، دواتر بە پێی فەرمانی پاشایەتی ژمارە(45) لە 5ی ئاداری 1928 مەخموور بووە قەزا لە چوارچێوەی لیوای هەولێر، و یەکەمین قایمقامی قەزای مەخموور ناوی (عبدالرحمن سعید بابان) بوو(عبداللە، 2014).

**لقی دووەم: قەزای مەخموور لە ڕووی جوگرافیی و سنووری کارگێڕییەوە**

قەزای مەخموور، لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتووەتە باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر و بە دووری (60) کم لە سەنتەری پارێزگاکە واتە لە شاری هەولێر دوورە. هەردوو قەزای دەشتی هەولێر و قەزای خەبات کەوتوونەتە باکوورییەوە، لە باشوورییەوە دوو زێی ڕوباری دیجلە تێدەپەڕن، واتە دەڤەرەکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی زێی بچووک و ڕۆژئاوای زێی گەورە. دووری سەنتەری قەزاکە واتە شاری مەخموور لە سەنتەری ناحیەی گوێر (53) کم دەبێت و لە سەنتەری ناحیەی قەراج (14)کم و لە سەنتەری ناحیەی دیبەگە(30) کم و لە سەنتەری ناحیەی مەلاقەرەش (28) کم دەبێت. لە لای ڕۆژهەڵاتی قەزای مەخموور ناحیەی سەرگەڕان هەیە، کە پێش دابڕاندنی و کردنی بە ناحیە و لکاندنی بە پارێزگای کەرکوک بەشێک بوو لە قەزاکە، و دووری لە سەنتەری ناحییەکە (55) کم دەبێت. لە بەشی باشووریشەوە قەزای شەرگاتە کە سەر بەپارێزگای سەلاحەددین (تکریت)ە؛ هەروە لە بەشی باکووری ڕۆژئاوایدا هاوسنوورە لەگەڵ ناحیەی نەمرودی سەر بە قەزای ناوەندی نەینەوا، هەروەها بە درێژایی بەشەکانی باکووری ڕۆژئاوا تاکو باشووری ڕۆژئاوا زێی گەورە وەك سنوورێکی سروشتی قەزای مەخموور لە پارێزگای نەینەوا جیادەکاتەوە.

قەزای مەخموور پێگەیەکی گرنگی هەیە لە ڕووی جوگرافییەوە، چونکە دەروازەیەکی فراوانی دەشتی هەولێرە و هەر یەك لە پارێزگاکانی ( هەولێر-موسڵ -کەرکوك – سەلاحەددین) بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

سەبارەت بە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای مەخموور، دەبینین لە ماوەی ساڵانی (1957-2009) یەکە کارگێڕییەکان گۆڕانکاریان بەخۆوە بینیوە، بۆنموونە لە سەرژمێری گشتی ساڵی 1957 قەزای مەخموور لە چوار یەکەی کارگێڕیی پێکهاتبوو کە بریتی بوون لە: ناحییەکانی (سەنتەر، قەراج، کەندێناوە "دیبەگە" و گوێر)، لە ماوەی نێوان ساڵانی (1965-1987 )، ژمارەی یەکە کارگێڕییەکان لە نێوان(3-4) یەکە بووە. بڕوانە خشتەی ژمارە (1) لەخوارەوە.

| ساڵ | یەکە کارگێڕییەکانی قەزای مەخموور |
|---|---|
| 1957 | سەنتەر، گوێڕ، قەراج، کەندێناوە |
| 1965 | سەنتەر، گوێڕ، کەندێناوە |
| 1977 | سەنتەر، گوێڕ، قەراج، کەندێناوە |
| 1987 | سەنتەر، گوێڕ، قەراج |

خشتەی ژمارە (١)

(سەرچاوە: خلیل اسماعیل محمد، اربیل دراسات دیموغرافیة- اقتصادیة، اربیل، 2003، ص13)

هۆکاری ئەو گۆڕانکاریانە لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای مەخموور دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەل و مەرجە سیاسییە ناهەموارەی کە قەزاکە گرفتاری بووە. لە ساڵی 1965 زۆر لە گوندەکانی قەزای مەخموور بەر هەڵمەتی سووتاندن و تێکدان بوون، لە لایەن ڕژێمی ئەوکاتی عیراق و دانیشتووانەکەشیان بە ناچاری ڕاگوێزران بۆ شارەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکان، هەر لەو ساڵە ناحیەی قەراج پلەی کارگێڕیی ناحیەی لێ سەندرایەوە و پاشان پێبدرایەوە. هەروەها بە پێی مەرسوومی کۆماریی ژمارە (442) لە 18ی تەمووزی 1987 ناحیەی کەندێناوە (دیبەگە) پلەی کارگێڕیی ناحیەی لێ سەندرایەوە، ئەمەش بووە هۆی کەم بوونەوەی یەکەیەکی کارگێڕیی لە قەزای مەخموور، هەرچەندە دواتر پێدراوەتەوە(کاوە، 2001، 51).

سەبارەت بە ڕووبەری خاکی قەزای مەخموور، لە ماوەی نێوان ساڵانی (1957-2009) بە پێی گۆڕینی یەکە کارگێڕییەکان، گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە؛ بە جۆرێك کە لە ساڵی 1957دا ڕووبەری قەزاکە 3511 کم2 بوو، کە دەکاتە ڕێژەی 22%ی کۆی ڕووبەری پارێزگای هەولێر، بەڵام لە ساڵی 2009 دا ڕووبەری قەزاکە کەم بووەتەوە بۆ 2955 کم2، کە دەکاتە ڕێژەی 18% ی کۆی ڕووبەری پارێزگای هەولێر. هۆکاری سەرەکیی ئەو کەمبوونەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حکومەتی عیراقی بە مەرسوومێکی کۆماریی لە ڕێککەوتی 25ی کانوونی دووەمی 1976 بیست و هەشت (28) گوندی لە ناحییەی کەندێناوە دابڕاند و خستیانیە سەر قەزای دووبز لە پارێزگای کەرکوک؛ هەر لە هەمان ساڵدا گوندی پەلکانە و 11 گوندی سەر بە ناحییەی قەراجیشی دابڕاند و خستیانیە سەر قەزای دووبز لە پارێزگای کەرکوك(سیروان، 2014، 9).

**4.2 باسی دووەم :**

**شێوازی چارەسەر کردنی کۆتایی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان و سیناریۆی قەزای مەخموور**

قەزای مەخموور بە درێژایی مێژووی بوونیەوە هەمیشە بەشێك بووە لە پارێزگای هەولێر و پاشانیش لە ساڵی ١٩٧٠ وە بەشێک بوو لە "ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان" تا ساڵی ١٩٩٦، کە لەو کاتەوە بە بڕیارێکی ئیداریی ڕژێمی بەعس لە پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان دابڕێندراو بە پارێزگای نەینەوا (موسڵ)ەوە لکێندرا .

لە ڕاستیدا لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، بە تایبەتی پاش چەسپاندنی دەستووری عیراق لە ٢٠٠٥، دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی گفتوگۆ لە کاتی دامەزراندنی حکومەتی هەمیشەیی عیراق وەک مەرجێکی سەرەکی یان داوایەکی بەشداریی کردن لە حکومەتەکە هەوڵی گەڕاندنەوەی قەزای مەخمووری بۆ حاڵەتی ئاسایی و مێژوویی، بە هەمان شێوەی دابڕاندنی پێشانی بە ڕێککەوتن و بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ئیتیحادی قەزاکە بگەڕێندرابوایەوە بۆ سەر پارێزگای هەولێر و چوارچێوەی ئیداریی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو هەنگاوە نەهاوێشترا و چارەنووسی قەزاکە بە چارەنووسی کۆی "ناوچە کێشە لەسەرەکان"ی دیکەوە بەسترایەوە .

دوای ئەوەی چارەسەرکردنی پرسی ناوچە دابڕێندراو و کێشە لەسەرەکان واتە ڕێنماییەکانی ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عیراق لە قۆناغی گواستنەوە دا جێبەجێ نەکران، بە تایبەتی لەبەر ناوەڕۆکی ناپەسەندی بڕگەی(ب)ی ماددەی (٥٣)ی یاساکە، کە وەک لەمپەر لەسەر ڕێگای جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ماددەی (٥٨)ی تایبەت بە چارەسەرکردنی گۆڕانە نارەواکانی ڕژێمی بەعس لە سنووری ئیداریی ئەو پارێزگایانەی ناوچە کوردستانییەکانیان لێ دابڕێندرابوون و ئەو پارێزگایانەی ئەو ناوچانەیان پێوە لکێندرابوون، چونکە ئەو بڕگەیە گۆڕانی سنوورەکانی هەر هەژدە

پارێزگای لە قۆناخی گواستنەوەدا قەدەخە کردبوو! چۆن نوێنەرانی کورد بەم سەقەتکردنەی چارەسەریی یاسایی گرنگترین گرفتی هەرێم و گەلی کورد ڕازی ببوون جێگەی سەرسورمانە ؛ پاشانیش لەبەر نەگونجاویی میکانیزمی جێبەجێکردنی چارەسەرییەکە واتە بڕگەی (ب)ی ماددەی (٥٨) - کە دواتر ماددەی (٥٨)ی یاساکەش بوو بە ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عیراق - نەتوانرا ماددەی (١٤٠)ی دەستووریش واتە چارەسەرکردنی پرسی ناوچە دابڕێندراو وکێشە لەسەرەکان، لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی کۆماری عیراقیش بە تەواوی جێبەجێ بکرێت، چونکە میکانیزمەکەی بڕگەی (ب)ی ماددەی (٥٨) ببوو بە میکانیزمی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)یش، کە بریتی بوو لە مەرجی کۆ دەنگیی ئەندامانی سەرۆکایەتی کۆمار لەو خولەدا لەسەر ڕاسپاردە پێویستەکانی سەرۆکایەتی کۆمار بە کۆی دەنگی سەرۆک کۆمار و هەردوو جێگرەکەی لە خولی دووەم دا نەما)؛ بەڵام ئەم میکانیزمە ناپەسەندە بووە تەگەرەی دووەم و لەمپەرێکی گەورەتر لەسەر ڕێگای جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور بەتەواوی؛ بۆ ئەم میکانیزمە نەگونجاو و ڕێگرەش لە جێبەجێکردنی چارەسەریی پرسی ناوچە دابڕێندراو وکێشە لەسەرەکان لە لایەن گروپی کوردیی لێژنەی دانانی دەستووری عیراق پەسەند کرابوو؟ ئەمەش پرسیارێکی زۆر گرنگە. بەهەرحاڵ پاشتریش سەرۆک کۆمار (جلال تالەبانی) نەخۆش کەوت، هەرچەندە ئەو ڕاسپاردانەی پەیوەستن بە پرسەکە لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی دا ئامادەی کردن: پاش نەمانی مەرجی کۆدەنگیی هەر سێ ئەندامانی سەرۆکایەتی کۆماری عیراق لەو خولە، بەڵام تا ئێستا (٢٠٢١) ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بە هیچ شێوەیەک باسی لەم بارەیەوە نەکردووە، لە کاتێکدا هەمیشە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنەکە لە نەتەوەی کورد بووە و هەمیشە پتر لە(٥٠) نوێنەری حزبە کوردییەکانیش لەو ئەنجومەنە دا هەبوون و هەن!

### 4.3 باسی سێیەم:/ سیناریۆی چارەسەرکردنی کۆتایی پرسی "ناوچە کێشەلەسەرەکان" و قەزای مەخموور

ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین تا ئێستا (2021)، دوای زیاتر لە ١٤ ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی تەواونەکردنی چارەسەریی یاسایی و ئاشتیخوازانەی پرسی ناوچە دابڕێندراوەکان و کێشە لەسەرەکان، بەتایبەتی ناوەڕۆکی ماددەی(١٤٠)ی دەستوور، و ڕوونە کە پرسەکە نەک بەس بە نیوەچڵی و هەڵواسراوی ماوەتەوە واتە هێشتا بە تەواوی چارەسەر نەکراوە، بەڵکو لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ وە لە لایەن حکومەتی ئیتیحادی (مەرکەزیی) عیراق پرسەکە ئاڵۆزتر کراوە و بووەتە گەورەترین هۆکاریی خراپیی پەیوەندی نێوان حکومەتی مەرکەزیی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان. سەرەڕای ئەوەی هەموو کابینەکانی حکومەتی ئیتیحادی بەڵێنی تەواوکردنی چارەسەریی ئەو پرسەیان داوە، بەڵام هیچ یەك لە حکومەتەکان بەڵێنەکانیان لەم بارەیەوە جێبەجێ نەکردووە، بۆیە تەنیا ئەگەری تەواوکردنی جێبەجێکردنی چارەسەریی دەستووریی و ئاشتیخوازانەی پرسی ناوچە دابڕێندراو وکێشە لەسەرەکان لە ئێستادا، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی ئەو لایەنەی حکومەتی ئیتیحادی داهاتوو پێکدەهێنێت، یەکەم مەرج و داوای لێی ئەوە بێت کە حکومەتی داهاتوو لە ماوەیەکی زەمەنی نوێی دیاریکراو دا (بۆ نموونە ساڵێک) چارەسەرییە دەستوورییەکەی پرسی "ناوچە کێشە لەسەرەکان" تەواو بکات؛ ئەمەش پێویستە وەک خاڵێک لە بەرنامەی حکومەتە هاوبەشەکەی داهاتوو بچەسپێندرێت، و لێژنەیەکی هاوبەشیش لە نوێنەرانی هەردوو حکومەت لەو ماوەیەدا بە جیددی بەدوای پرۆسەی جێبەجێکردنەکەدا داچێت و بەرپرس بێت لە ئەرکی جێبەجێ کردنیدا؛ تاوەکو لایەنی حکومەتی ئیتیحادی ئەم جارە بە دروستی بە جێبەجێکردنی چارەسەرییە دەستوورییەکەوە پابەند بکرێت و بە هاوبەشیش بەدواداچوون بۆ جێبەجێ کردنی بکرێت، تاوەکو جارانی پێشووی حکومەتەکانی دیکە تەنیا بەڵێن نەبێت و نەمێنێتەوە .

لێرەدا دەکرێت پرسی قەزای مەخموور ببێتە هەنگاوی یەکەمی پیشاندانی نیازپاکیی حکومەتی ئیتیحادی نوێ، و سەرەتای دروستکردنی متمانەی هاوبەش لە نێوان هەردوو حکومەت و پتەوکردنی پەیوەندیی و هاوکاریی و هەماهەنگیی نێوانیان؛ و ببێتە سەرەتای چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی گشت گرفتە هەڵواسراوەکان لە نێوان هەردوو حکومەت دا .

قەزای مەخموور وەك لە باسی یەکەمدا ئاماژەمان پێکردووە بە درێژایی مێژووی بوونیەوە هەمیشە بەشێك بووە لە پارێزگای هەولێر و پاشانیش لە ساڵی ١٩٧٠ وە بەشێک بوو لە "ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان" تا ساڵی ١٩٩٦، کە لەو کاتەوە بە فەرمیی لە لایەن حکومەتی بەعس لە پارێزگای هەولێر و هەرێمی کوردستان دابڕێندراو بە پارێزگای نەینەوا (موسڵ)هوە لکێندرا .

لە راستیدا لە دوای روخانی رژێمی بەعس، بە تایبەتی پاش چەسپاندنی دەستووری عیراق لە ٢٠٠٥، دەبووایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی گفتوگۆ لە کاتی دامەزراندنی حکومەتی هەمیشەیی عیراق وەک مەرجێک یان داوایەکی بەشداریی کردن لە حکومەتەکە هەوڵی گەڕاندنەوەی قەزای مەخمووری بۆ حاڵەتی ئاسایی و مێژوویی، بە هەمان شێوەی دابڕاندنی پێشانی بە ڕێککەوتن و بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی ئیتیحادی قەزاکە بگەڕێندرابوایەوە بۆ سەر پارێزگای هەولێر و چوارچێوەی ئیداریی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو هەنگاوە نەهاوێشترا و چارەنووسی قەزاکە بە چارەنووسی کۆی "ناوچە کێشەلەسەرەکان"ی دیکەوە بەسترایەوە .

سیناریۆی چارەسەرکردنی گرفتی دابڕاندنی قەزای مەخموور بە گفتوگۆ وەک یەکەم هەنگاوی چارەسەرکردنی کۆتایی و هەمیشەیی پرسی "ناوچە کێشەلەسەرەکان" بە شێوەیەکی دەستووریی بو ڕەوا، دەکرێت گرنگی زۆری پێ بدرێت، بەو پێیەی قەزای مەخموور لە لایەکەوە گرفتەکەی جیاوازە لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کێشەلەسەر، چونکە تا ساڵی 1996 سەر بە پارێزگای هەولێر بووە، لە لایەکی دیکەشەوە لە رووی کێشەو گرفتەکانی بە عەرەبکردن و پرسی ئیتنی و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەوە کێشەیەکی ئەوتۆی نیە، تەنانەت عەرەبەکانی ناوچەکە شان بە شانی کوردەکان سۆز و ئینتیمایان بۆ پارێزگای هەولێر بۆ هەرێمی کوردستان زیاترە وەك لە پارێزگاکانی عیراق، بەڵگەی ئەمە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2018 و هەروەها لەم هەڵبژرادنە پێشوەختەی 10ی ئۆکۆتبەری 2021ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، دوو کاندیدی عەرەب لە ناحییەی گوێر خۆیان لەسەر لیستێکی کوردی (لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان) کاندید کردبوو هەر دووکیشیان سەرکەوتن و بوونە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و شان بە شانی نوێنەرانی دیکەی کورد داکۆکییان لە هەرێمی کوردستان و مافەکانی کورد لە گشت ناوچەکان دەکرد. ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە لە قەزای مەخموور کێشەی توندڕەویی نەتەوەیی بوونی نیە و خەڵکانی سەر بە هەردوو نەتەوە زۆر لەمێژە بە شێوەیەکی ئاشتییانە بە یەکەوە دەژین؛ بۆ سەلماندنی یان پێچەوانەی ئەم سیناریۆیە دەکرێت ئەو ڕاپرسییەی خەڵکی ناوچەکە کە پێویستە لە قۆناخی سێیەمی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دا ئەنجام بدرێت، وەک پێوەر دابندرێت.

بۆ پاڵپشتی کردنی هەولی نوێی هەردوو حکومەتی ئیتیحادیی و هەرێم لە پێناوی چارەسەریی کۆتایی و هەمیشەیی پرسی "ناوچە کێشە لەسەرەکان" و گشت گرفتە هەڵواسراوەکان لە نێوان هەردوو حکومەت دا و دەستپێکردنی هەوڵە نوێیەکە لە سەرەتا بە چارەسەرکردنی گرفتی قەزای مەخموور پەنا ببرێتە بەر نەتەوە یەکگرتووەکانیش، بۆ ئەوەی رۆڵی کاریگەرتریان هەبێت لە هاوکاریی و بۆ ئەوەی وەک دابینکار(ضامن) هەماهەنگکار بەشداری گفتوگۆکان بێت و لە پێناوی پابەند بوونی حکومەتی ئیتیحادی عیراق بە ڕێککەوتنە دوو قۆڵییەکە لەسەر چارەسەرە یاسایی و دەستوورییەکانی نێوان هەردوو حکومەت. بەشداری نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق لەو گفتوگۆیە بۆیە گرنگ و پێویستە، لەبەر ئەوەی لە ماوەی ١٧ ساڵی رابردوو حکومەتەکانی ئیتیحادی عیراق نەك هەر پابەند نەبوون بە بەڵێنەکانیان و بە دەستوور، بەڵکو بەردەوام کۆسپ و لەمپەریان لەبەردەم هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی ئەو پرسە گرنگە دروست کردووە. لەم بارەیەو و هەر بۆ ئەم مەبەستە لە 19ی نیسانی 2021 ڕێزدار ( نێچیرڤان بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی(ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس) سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و ژمارەیەك داواکاری تێدا خستەڕوو، لە نامەکەدا بەڕێزیان داوا دەکات نێردەی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەسەڵاتی زیاتری پێ بدرێت و ڕۆڵی زیاتری هەبێت لە نێوەندگیریی نێوان حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەتایبەتی جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستوور و کێشەی نەوت و دابەشکردنی داهات.

## کۆتایی

## (دەرئەنجام و راسپاردە)

لە ئاکامی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بە لێکدانەوەی ئەو زانیارییانەی توێژینەوەکەیان لەسەر بنیاتنراوە، بە پشتبەستن بە راستیی و بەلگە مێژووییەکانی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو، گەیشتین بەو دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە:

## دەرەنجامەکان

1- گرفتی ناوچە دابڕێندراوەکان – بە قەزای مەخموورەوە، کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس چربووەتەوە، ڕەگ و ریشەیەکی مێژوویی هەیە، بە جۆرێك کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی 1921، واتە گەلی کورد هەر لە سەردەمی ویلایەتی موسڵ (باشووری بەشی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتووری عوسمانی) یەوە گرفت و کێشەی گۆڕینی دیموگرافی ئەو ناوچانەی هەبووە. گرفت و کێشەی ئەو ناوچانە لە سەردەمی داگیرکاریی بەریتانی لە کوردستانی باشوور لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی (لە نێوان ساڵانی ١٩١٨ – ١٩٢٥) و پاشان بە لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عێراق - بە واقیعی لە ساڵی ١٩٢١ وە و بە فەرمی لە ساڵی ١٩٢٥ - بەردەوام بووە و بەرەبەرە چڕتر و ئاڵۆزتر بووە، تا گەیشتووەتە ئەو دۆخەی ئێستا، هەرچەندە لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە بە فەرمی بووەتە پرسی "ناوچە کێشە لەسەرەکان"، و لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە چارەسەرێکی یاسایی بۆ پرسەکە لە دەستووری عێراق چەسپێندراوە.

2- سەرەڕای ئەوەی ئەو ماوە دەستوورییەی دیاریکرابوو بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی ماددەی 140، کە کۆتاییی ساڵی 2007 بوو، بەڵام تا ئێستا (کۆتایی ساڵی ٢٠٢١) هێشتا ماددەکە بە تەواوی جێبەجێ نەکراوە. لەوەش خراپتر لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ حکومەتی ئیتیحادی عێراق بە فەرمان و سەرکردایەتی سەرۆکی ئەو کاتی (حیدر العبادي) لە هێرشێکی لەشکریی فراوان بە هاوکاریی و هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای هەواڵگریی و لەشکریی هەر دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا بە زۆر و بە شەڕ دەست بەسەر زوربەی زۆری "ناوچە کێشە لەسەرەکان" دا گرتەوە – بە تایبەتی پارێزگای کەرکوک و قەزای مەخموور، بەم کردەوە توندوتیژ و نادەستوورییەش پرسەکە زیاتر ئاڵۆزبوو، چونکە ناوچەکان سەرلەنوێ بە واقیعی و بە زەبری هێز لە هەرێمی کوردستان دابڕێندرانەوە. بەڵام تەنیا چارەسەری دروست هێشتا هەر چارەسەرییە دەستووریی و ئاشتیخوازانەکەی پرسەکەیە، کە دەبێت حکومەتی هەرێم و نوێنەرانی کورد لە بەغداد هەوڵی جیددی بۆ بدەن، وەک کاری لەپێشینەی لایەنی کوردی لە حکومەتی داهاتووی عێراق .

3- قەزای مەخموور هەر لە مێژووی دروستبوونییەوە تا ساڵی ١٩٩٦ بەشێك بووە لە دەڤەر و پاشان پارێزگای هەولێر، تەنانەت لە کاتی ڕێککەوتننامەی ئاداری 1970ش بەشێك بووە لە "ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان" و هەموو راستییە مێژوویی و جوگرافیی و سەرژمێرییەکان دەیسەلمێنن کە ناوچەیەکی کوردستانییە، هەرچەندە ئەو ناوچەیە هەمیشە تووشی سیاسەت و ڕێکارەکانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی کوردەکان و تێکدان و سووتاندنی گوندەکانی بووە.

4- لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 لە هێرشەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبیدا، کە لە لایەن حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عیراق سەرپەرشتی دەکرا، قەزای مەخمووریش هاوشانی شارو شارۆچکەکانی دیکەی "ناوچە کێشە لەسەرەکان" ڕووبەرووی هێرش بوویەوە و قەزاکە دەستی بەسەر داگیرا و سەرلەنوێ (بە واقیعیش) لە هەرێمی کوردستان دابڕێندرایەوە.

## ڕاسپاردەکان

لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، چەند ڕاسپاردەیەك وەك نەخشە ڕێگا بە مەبەستی چارەسەر کردنی پرسی "ناوچە کێشە لەسەرەکان" بە گشتی و قەزای مەخموور بە تایبەتی لەم خاڵانەی خوارەوە دا دەخەینەڕوو :

1- بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شێواوی ناوچە کێشە لەسەرکان، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی عیراق ڕێکبکەوێت لەسەر هەڵسوڕاندنی ئیدارە و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکان بە شێوەیەکی هاوبەش و لەڕێگەی کارمەندی ئیداریی و هێزی لەشکریی هاوبەش (سوپای عیراق و هێزی پێشمەرگە و پۆلیسی خۆجێیی)، و بە گەڕاندنەوەی ئاوارە کوردەکان بۆ گوند و سەر ماڵ و زەوییەکانی خۆیان و قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندانی ئاوارەیی هێرشی ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بە تایبەتی ئاوارەکانی دەڤەری دووزخورماتۆ و قەراج، و سزادانی تاوانباران بە پێی هەڵسەنگاندنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی هاوبەش لە نوێنەرانی هەردوو حکومەت و بە پشتبەستن بە یاسای سزادان .

2- گرفتی قەزای مەخموور دەکرێت وەك سەرەتایەك بۆ جێبەجێکردنی چارەسەریی دەستووریی پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان، بە ڕێککەوتنی تایبەت لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و ئیتیحاددی بە بڕیارێکی حکومەتی ئیتیحادی وەک سەرەتایەکی نوێ و فاکتەرێکی پەیداکردنەوەی متمانە لە نێوان هەردوو حکومەت چارەسەر بکرێت، و قەزاکە بگەڕێتەوە چوارچێوەی پارێزگای ئەسلی خۆی پێش دابڕاندنی (هەولێر)، کە ڕژێمی بەعس لە تۆڵەی دامەزراندنی "دیفاکتۆ هەرێمی کوردستان" دایبڕاند، وچونکە سروشتی گرفتی مەخموور جیایایە لە ناوچەکانی دیکەی کێشە لەسەر و تا ساڵی 1996 لە هەولێر جیا نەکراوەتەوە، و بە بێ مەرسوومی کۆماری لە پارێزگای هەولێر دابڕێندراوە و بە پارێزگای نەینەواوە لکێندراوە.

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم/ سەرچاوە کوردیەکان:**

1. د. ئازاد عوسمان، ناوچە دابڕێندراو و کێشە لەسەرەکان (توێژینەوە)، هەولێر، ٢٠١٣.
2. نەوزاد عبداللە هیتۆتی، دۆزی کورد لە عێراقدا و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی، چاپخانەی دهۆك، دهۆك، 2009، ل 214.
3. سیروان حسین ئیسماعیل، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تایبەتمەندییەکانی دانیشتووان لە قەزای مەخموور، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، 2008.
4. ئاسۆ لەتیف، بنج و بنەوانی ناوی شارۆچکەی مەخموور، گۆڤاری قەرەچووغ، ژمارە 8، هەولێر، 2003.
5. سابیر حەسەن، تۆژەنکردنەوەی قشلەی مەخموور، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، شوێنەوار، چاپی یەکەم، دەزگای بەدرخان، لوبنان، 2009.
6. عەباس سلێمان سمایل، مێژووی دەشتی هەولێر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، هەولێر، 2004.
7. کەریم شارەزا، براێم ئاغای دزەیی و بەربەستکردنی بە عەرەبکردنی دەشتی مەخموور، گۆڤاری قەرەچووغ، ژمارە2، هەولێر، 1999.
8. غەفوور مەخمووری، بە عەرەبکردنی کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی تاران، 2020.
9. قادر عمر علی، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی مەخموور، گۆڤاری مێژوو، ژ 20، هەولێر، 2011.
10. کاوە نادر، کەندێناوە لە نێوان ڕاگواستن و بە عەرەبکردندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، 2001.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان :**

1. علی ابراهیم، العلاقات الدولیه فی وقت السلم، مطبعة دار النهضه العربیه ، القاهرە، 2008.
2. اسماعیل صبری مقلد، العلاقات السیاسیه الدولیه، دراسه فی الاصول والنظریات، مکتبة الاکادیمیة، القاهرە، الطبعة الاولی، 1991.
3. مهنا محمد نصر، معروف خلدون ناجي، تسوية المنازعات الدولية، القاهرة، مكتبة غريب، 2001.
4. داروتی جیمس، بالستغراف روبرت، النظريات المتضاربة فی العلاقات الدولية، ترجمة وليد عبدالحي، مطبعة كاظمة للنشر والتوزيع، الكويت،1985.
5. عليوة السيد، إدارة الأزمات والكوارث (حلول عملية - أساليب وقائية ).القاهرة: مركز القرار للاستشارات، 1997.
6. عثمان فاروق السيد، التفاوض وإدارة الأزمات، ط1، مصر: دار الأمين للنشر والتوزيع، 2004.
7. إبراهيم مصطفى إبراهيم، تسوية المنازعات الدولية بالوسائل السياسية والقضائية، رساله ماجستير، الاكاديميه الليبيه، مصراته، 2008.
8. بوتول غاستون، الحرب والمجتمع (تحليل اجتماعي للحروب ونتائجها الاجتماعية والثقافية والنفسية)، ترجمة عباس الشربيني. بيروت"1982.
9. د. آزاد عثمان، العملية السياسية ومسيرة الفيدرالية في العراق، أربيل، 2012.
10. عبدالله غفور، التشكيلات الاداريه فی جنوب کوردستان، الطبعة الثالثة، منشورات الاکادیمیه الکوردیه، اربیل، 2014.
11. جمال بابان، اصول اسماء المدن والمواقع العراقیه، ط1، مطبعة الاجیال، بغداد، 1989.

سێ یەم: سەرچاوەی تۆڕە زانیارییەکان:

1. ماڵپەری مەعریفە /https://www.marefa.org :
2. یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ساڵی 2003 :
http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/20670.html

3. ماڵپەری لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوری هەمیشەیی عیراق : 8.com/paper.php?source=akbar&page= 140http://www.com

4. ماڵپەری فەرمی پارێزگای هەولێر لەم بەستەرە : 394https://www.hawlergov.org/app/node/

ماڵپەری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژرادنەکانی عیراق /https://ihec.iq :

5. ماڵپەری رۆژنامەی خەبات لەم بەستەرە https://xebat.net/ku/%d :8

**Absract**

The problem of the Kurdistani territories outside the Kurdistan Region government authority, created during the Ba'athist regime, was introduced in new Iraq after the fall of the Ba'athist regime in 2003 as the issue of "disputed areas", and a legal solution and a specific period of time were established to resolve the issue in Iraq's permanent constitution. But so far (October 2021) the constitutional solution has not been fully implemented. Makhmur district, although practically separated in 1991 from the "No Fly Zone under resolution 688 of the United Nations". Makhmur formally separated from Erbil province by the Ba'athist regime in 1996 and annexed to Nineveh province. After the fall of the Ba'athist regime in 2003, the problem in Makhmur district became part of the issue of "disputed areas" and the fate of the district depended on the general solution to the issue.

In the first and second part of this research, objectively examines the causes, factors and motivations of the problem of secession of the areas in general and the District of Makhmur in particular, and the stages, developments and outcomes are explained in detail. The characteristics of the Makhmur district problem, as part of the issue of "disputed areas", which are generally an important and fateful issue, are being investigated and analyzed in the third part, as well as the time and method of separating the region's differences. In other similar areas, it will be explained, and a special way of solving the makhmur district problem has been proposed as a beginning to begin by completing the resolution of the "disputed areas" issue under the constitution and in general in this section. And at the end of the study, the results and recommendations will be presented.

**Key words**: Kandareh Area in Sarekan, Mahmour, Deh Stoor, Article 140, Solution.